**Kurdistan Region**
Presidency of Region
Diwan

**هەرێمی کوردستان**
سەرۆکایەتی هەرێم
دیوان

No.....................
Date:...../...../.........

ژمارە : .........
بەروار: ..../..../....

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

## بابەت / یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
## بۆ ساڵی ٢٠١٠

سڵاو و ڕێز ...

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٦٦٤/٣/٤) لە ٢٠١٠/٤/١٩، هاوپێچ دەقی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٠ تان بۆ ڕەوانە دەکەینەوە دوای دەرکردنی لە لایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بە بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٠.

لە گەل ڕێزماندا ...

**فـؤاد حسین**
**سەرۆکی دیوان**

**هاوپێچ**

- دەقی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٠ .

**وێنەیەك بۆ//**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری کوردستان .
- نوسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان .
- نوسینگەی سەرۆکی دیوان .
- ب . گ . کاروباری یاسایی لە دیوان .
- ب . گ . هەماهەنگی وبەدواداچوون لە دیوان .
- ڕۆژنامەی (وقائعی کوردستان) / بۆ بڵاوکردنەوە .

Kurdistan - Hawler
Tel. No. : 00964 66 2235500-8 - 00964 750 4715500
E-mail :diwan@krp.org

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە (١) سالی ٢٠١٠

**بە پێی ئەو دەسەلاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پالپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٤ ) لە ١٣ / ٤ / ٢٠١٠ بریارماندا بە دەرکردنی:**

## یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٠

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بۆ سالی ٢٠١٠

**ماددەی یەکەم:**

بۆ خەرجیەکانی سالی دارایی ٢٠١٠ گوژمە پاریەك دادەنرێ کە بڕەکەی ١١,٤٣٢,١٧٦,٠٠٠ (یازە هەزار و چوارسەد و سی و دوو ملیار و سەدو حەفتا و شەش ملیۆن) دینارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێ:

**یەکەم:** گوژمەی ٣,٥٤٣,٠٧٤ (سێ هەزار و پێنج سەد و چل و سێ ملیار و حەفتا و چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجییەکان پڕۆژە سەرمایەداریەکان.

**دووەم:** گوژمەی ٧,٨٨٩,١٠٢ (حەوت هەزار و هەشت سەد و هەشتا و نۆ ملیار و سەد و دوو ملیۆن دینار) بۆ خەرجییەکانی بەکارخستن.

**سێیەم:** گوژمەی ٧٢,٧٤١،٠٠٠ (حەفتا و دوو ملیار و حەوت سەد و چل و یەك ملیۆن دینار) بۆ خەرجییەکانی پەرلەمان.

**چوارەم:** گوژمەی ٣٩,٨١٤,٠٠٠ (سی و نۆ ملیار و هەشت سەد و چواردە ملیۆن دینار) بۆ خەرجییەکانی ئەنجومەنی دادوەری.

**پێنجەم:** کورت هێنانی بودجە بە تەنها ٨٣٥,٠٠٠,٠٠٠ (هەشت سەدو سی و پێنج ملیار دینار)ـە ئەم کورتهێنانە لەو پارەیە پڕدەکرێتەوە کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی بەکارخستنی فیدراڵی بۆ پاسەوانی هەرێم لە تەرخان کراوەکانی وەزارەتی بەرگری عیراقی فیدراڵ دانراوە، ئەمەش بەپێی یاساکانی بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩ دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠١٠ بە گوژمەی تەنیا ٣٤٨,٦٧٩,٠٠٠ تەنها (سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەد وحەفتا و نۆ ملیۆن دینار) دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق دارایی وەزارەتەکان و کارگێڕیەکان بەپێی داهاتی دەستکەوتووی دارایی لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** خەرج کردن لە ئیعتیماداتی (پشتیوانە)ی ژمێریاری سەرەکی (بەخشین، باربوو، خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەداری) لە بودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە دەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ و وەزیری دارایی و ئابووریش بۆی هەیە دەسەڵاتی خەرج کردن راستەوخۆ لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاریی سەرەکی بە وەزیرەکان و سەرۆکی ئەو لایەنانە بدات کە بە وەزارەتەوە نەلکاون.

**دووەم:** ڕێژەی ٥٪ لەو باربووە (اعانات) دەبڕدرێ کە لە بەشی (اعانات)دا هاتووە و بۆ حیسابی تایبەت بە کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەگوازرێتەوە.

**سێیەم:** ڕێژەی ٥٪ لەو بەخشینە (المنح) دەبڕدرێ کە لەبەشی (المنح)دا هاتووە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو زیادەیە دەگوازرێتەوە کە لە مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا روویداوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە پەرلەماندا بکات.

**دووەم:** سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەرییدا بكات.

**سێیەم:** وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی بەرپرس گواستنەوەی پێویست لەچوارچێوەی بودجەی وەبەرهێنانی پەسندكراوی پڕۆژەكانی وەبەرهێناندا ئەنجام بدات.

**ماددەی شەشەم:**

**یەكەم:** وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان پشتوانەی یەك دەروازە بكات بەدەر لە بەشی مووچە كە دەشێ بۆی بگوێزرێنەوە و نابێ لێی بگوازرێتەوە.

**دووەم:** وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان پشتیوانەی دەروازەكانی بودجەدا بكات لە پێناوی فەراهەمكردنی تواناكانی خەرج كردن بۆ ئەو كارگێڕیانەی كە بڕیار دەدرێ لە وەزارەتێك بكرێنەوە و بە وەزارەتێكی دیكەوە بلكێندرێن و وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە گواستنەوە لەناو یەك بەش و یەك یەكەی خەرجكردندا بكات.

**سێیەم:** ناشێ گواستنەوە لە تەرخان كراوەكانی گەشەسەندن لەنێوان پارێزگاكاندا بكرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

هەموو وەزارەت و فەرمانگەكانی دەوڵەت ژمێریاری مانگانەی خۆیان (موازین المراجعە) لەماوەیەك پێشكەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری - بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دەكەن كە (١٠) رۆژ لە كۆتایی هەر مانگێك تێپەڕ نەكات.

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكانی تر ئامادەكردنی تاكەكانی میلاكاتی هەموو وەزارەتەكانی هەرێمی كوردستان—عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٠ دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەكات و ئەمەش لەبەر رۆشنایی تێچووی مووچەكانی پەسەندكراوی نێو بودجەدا دەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

نابێ گرێبەستی كاركردن لە فەرمانگەكانی هەرێمدا بەبێ رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەنجام بدرێ.

**ماددەی دەیەم :**

**یەکەم:** وەزیری تایبەتمەند دەسەلاتی خەرج کردنی هەیە کە لە (٢٥٠) (دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حالەتێك و بۆی هەیە دەسەلات بدات بە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بە خەرج کردنی پارەیەك کە لە (١٠٠) (سەد ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ .

**دووەم:** سەرۆکی ئەو دەستانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون دەسەلاتی خەرج کردنی گوژمە پارەیەکیان هەیە کە لە (١٥٠) (سەد و بەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حالەتێك.

**سێیەم:** لە (یەکەم) و (دووەم) دا ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ :

١- دەبێ خەرجکردنەکە بەپێی پشتیوانەی پەسەندکراوەکانی بودجەی گشتی سالانە و بۆ ئەو مەبەستانە بێت کە بۆی دیاری کراوە.

٢- پشت بە پشتیوانەی تەرخان کراو لە بودجەی گشتی ببەسترێ و نابێ پابەند بە خەرج کردنێك بێ کە لە تەرخان کراوی بودجە زیاتر بێ.

**ماددەی یازدەم:**

لەسەر وەزیری دارایی و ئابوورییە تەرخانکراوی گوژمەکانی داهاتی مانگانە کە وەزارەتی تەندروستی بەدەستی دەهێنێ بۆ هەموو فەرمانگەکانی بیخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی کڕینی دەرمان و دابین کردنی خەرجییەکانی چاککردنەوە (الصیانە) بە هەموو جۆرەکانیەوە و ڕاهێنانی کارمەندانی و بەپێی داواکاری وەزارەتی تەندروستی کە خشتەی داهاتە ڕاستەقینە وە دیهاتووەکانی پێوە لکابێ.

**ماددەی دوانزدەم:**

گوژمەی پارەی پیتاك ( التبرعات) کە بە وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانە دەبەخشرێت کە بە وەزارەتەوە نەلکاون پاش پەسند کردنی لەلایەن وەزیری داراییەوە،بە داهاتی یەکجارەکی بۆ گەنجینە تۆمار دەکرێن، بەمەرجێ وەزیری دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی پشتیوانەی وەزارەت یان لایەنە نەلکاوەکان بە وەزارەت تەرخانی بکات بۆ ئەوەی بۆ ئەو مەبەستانە خەرج بکرێ کە لەپێناویدا بەخشراوە .

**ماددەی سیانزدەهەم:**

پاداشتی فەرمانبەران نابیٚ سالأنە لەدوو ملیون دینار زیاتربێ بۆ کەسێك و لەناو تەرخانکراوی بڕیاری لەسەردراوی بودجەی تایبەتمەندبێ و ئەمەش بە پێی ڕێنمایی وا دەبێ کە وەزارەتی دارایی وئابووری دەری دەکات.

**ماددەی چواردەم:**

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن کە لەپێشکەش کردنی ژمێریاری کۆتایی سالّی ٢٠٠٩ی فەرمانگەکەی پاش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دوا دەکەویٚ بەپێی ڕێکارە یاسایی و ڕێنماییە کارپێکراوەکان ڕەوانەی لێکۆڵینەوە دەکرێ.

**ماددەی پانزدەهەم:**

گوژمەی (١٢٠) ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ سندوقی پرۆژەی گەشەپێکردن و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان لە حیسابی تایبەتی بۆ ئامادەکرنی کادیری پسپۆر لەو بوارە جیاجیانەی کە هەرێم پێویستی پێی دەبێ. ئەمەش لەرێگەی زەمالات و بەعثات و توێژینەوە و خولی راهێنانەوە دەبێ کە لە ژێر چاودێری دەستەیەکی بالأ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگیرەکەی و وەزیرەکانی (پەروەردە، فێرکردنی بالأ و توێژینەوەی زانستی، پلاندان) دەبێ و بەپێی پەیرەوێك جێبەجێ دەکرێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنێ.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** مووچەی کەس وکاری شەهیدان وقوربانیانی ئەنفال وچەکی کیمایی بەم پێیە زیاد دەکرێ:

أ- کەس وکاری شە هیدان بە ڕێژەی (٢٥٪ ، ١٥٪) بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

١- لە (٤٠٠) هەزار دینار بۆ (٦٠٠) هەزار دینار ٢٥٪ .

٢- لە (٧٠٠) هەزار دینار بۆ (١,٠٣٢) ملیۆن دینار ١٥٪ .

ب/ کەس وکاری شەهیدی (هاوولاّتی) بەگوژمەیەکی بڕاوە کە (٥٠) هەزار دینارە.

ج/ خێزانی شەهیدە ئەنفال کراوەکان بەرێژەی ٥٠٪ .

**دووەم:**

أ- خاوەن پێداویستی تایبەت لە (٣٠) هەزاردینارەوە بۆ (١٠٠) هەزار دینار.

ب- خاوەن پێداویستی تایبەت لە (٥٠) هەزاردینارەوە بۆ (١٥٠) هەزار دینار.

ج- ئەو زیادانەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە لە ٢٠١٠/١/١ جێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

بڕی (١٥٠) سەد و پەنجا ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە لە هەرێم تەرخان دەکرێ و دەستەیەك لە وەزیرانی دارایی و ئابووری و پەروەردە و پلاندانان پێکدەهێندرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەمەش بەپێی ئەو نەخشەیە دەبێ کە وەزارەتی پەروەردە لە بودجەی خەرجیەکانی وەبەرهێناندا داینێوە.

**ماددەی هەژدەم:**

گوژمەی (٩٠) نەوەد ملیار دینار بۆ پشتگیری حزبەکان و پڕۆژەی ڕێکخراوەکان تەرخان دەکرێ و لەم تەرخان کراوەش بەرێکارێکی کاتی خەرج دەکرێت تا ئەو کاتەی پارە وەرگیراوەکان لەلایەن حزب و ڕێکخراوەکانەوە بەپێی یاسای پشتگیری حزبەکان لە دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یەکلادەکرێتەوە.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەمانەی خوارەوە پابەندە:

**یەکەم:** بڕی (٢٠٠) دوو سەد ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی درێژە بە پڕۆژەکانی سندوقی نیشتەجێکردن بدرێت.

**دووەم:** بڕی (٩٠) نەوەد ملیار دینار بۆ پشتگیری کردنی قەرزی خانووبەرەی هاوولاتیانی هەرێم تەرخان دەکرێ و زیادکردنی بڕی قەرزەکەش بۆ (١٥) (پانزدە ملیۆن دینار) بۆ پارێزگا و قەزا و ناحیە و گوندەکان و بەردەوامبوونی وەزارەت لە دابین کردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاوولاتیان بەپێی مەرج و ڕێنماییە رەچاوکراوەکان.

**سێیەم:** تەرخان کردنی بڕی (٣٠) (سی ملیار دینار) بۆ پشتگیری پڕۆژەکانی بانکی پیشەسازی.

**چوارەم:** تەرخانکردنی بڕی (٥٠) (پەنجا ملیار دینار) بۆ پشتگیری پڕۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵی لە ڕێگای بانکی کشتوکاڵییەوە.

**پێنجەم:** تەرخانکردنی بڕی (٥٠) (پەنجا ملیار دینار) بۆ پشتگیری بەرنامەی وەبەرهێنانی وەزارەتی کشتوکاڵ و داهاتە ئاوییەکان.

**شەشەم:** تەرخان کردنی بڕی (١٠) (دە ملیار دینار) بۆ دروست کردنی دامەزراوەکانی وەرزشی لە هەرێمدا.

**ماددەی بیستەم:**

لە حاڵەتی روودانی گۆڕینێك لەبەشی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا دەسەلات بە وەزیری دارایی وئابووری دەدرێ کە:

**یەکەم:** کەم کردنەوەی سەرکۆی بودجە بەهەمان ڕێژە بۆ یەکلاکردنەوەی کورتهێنانەکە.

**دووەم:** ئەگەر لە بودجەدا زیادە ڕوویدا ئەوا ڕەزامەندی پەرلەمان بە چۆنیەتی خەرج کردنی وەردەگیرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی وئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەو داهاتانە وەردەگرێ کە ڕاستەوخۆ لە فرۆشتنی نەوتی خاوی هەرێم و فرۆشتنی پێکهاتەکانی نەوتەوە (مبیعات مشتقات النفط) وەدی دێن، ئەمەش بەپێی دەستوری عێراق و یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و دەخرێنە سەر داهاتە وەدی هاتووەکان و پەرلەمانی پێ ئاگادار دەکرێتەوە تا پێش ڕەفتار لەسەر کردنی (التصرف بها) پەسندی بکات.

**دووەم:** کۆی پارەی بەخشینەکان (المنح) بەوانەشەوە کە لە گرێبەستەکانی نەوت و غازی هەرێمەوە بەدەست هاتوون لە حیسابێکی تایبەت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دادەنرێ و ئەم پارەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەو پڕۆژانە تەرخان دەکرێت کە بەگوێرەی گرێبەستەکانی نەوت و غاز تەرخان کراون، ئەمە بەچاو گرێبەستەکانی نەوت و غازەوە، هەروەها پڕۆژەکانی ژێرخانیش لە هەرێم، بەمەرجێ پێش ڕەفتار کردن پێیەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسندکرابێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە دەرخستەیەك بە حیساباتی ئەو بەخشینانە (المنح) پێشکەش بکات کە پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کراون لەگەڵ دەرخستنی لایەنی خەرج کردنی بۆ ئەو پڕۆژانەی بۆی تەرخان کراوە تا پەرلەمان پەسندی بکات.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەو خەرجییە تەرخان کراوانە دەبڕدرێن کە بۆ دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی بینایەی تایبەت بە حزبەکان و پڕۆژە دووبارە بووەکان تەرخان کراون و بۆ حیسابی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە پارێزگاکان دەگوازرێنەوە و لە دابەش کردنەکەشیدا دەبێ دادپەروەری ڕەچاو بکرێ.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

**یەکەم:** لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمە یەکسانی لەنێوان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و مووچەی هاوشێوەکانیان لە فەرمانبەرانی حکومەتی فیدراڵ بەدی بهێنێ.

**دووەم:** بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان مووچەی خانەنشینانی هەرێم و مووچەی خانەنشینانی حکومەتی فیدراڵدا.

سێیەم: بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس لە هەرێم لەگەڵ مووچەی هاوشێوەکانیان لەحکومەتی فیدراڵدا.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

هەموو وەزارەت و ئەو فەرمانگانەی کە بەوەزارەتەوە نەلکاون پابەند دەبن بە دابەش کردنی خەرجییەکانی کارکردن (التشغیلیە) و وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی هەرێم، ئەمەش بەپێی چڕی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانە دەبێ کە زیانی زیاتر یان بەرکەوتووە، پاش دەرکردنی خەرجییەکانی ناو وەزارەت.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابوورییە راپۆرتی خولی هەر شەش مانگی ساڵ لەسەر دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان ـ عێراق پێشکەش بکات و بەپێی یاساش حیساباتی کۆتایی پێشکەش بکات.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە ئەولەویەت لە جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەو ناوچانە بدات کە تووشی هەڵمەتەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و راگواستن و کردەوە سەربازییەکان بوون و ئەوانەی کە پێویستی زیاتریان بە خزمەتگوزاری هەیە.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە پاشکۆیەك بە پڕۆژە بەردەوامەکان پێشکەش بکات و ماوە و بڕی پارەی تەرخان کارو و شوێن و رۆژی دەست بەکاربوون و تەواو بوونی پڕۆژەکە دیاری بکات و پەرلەمانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو دەزگایانەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە لەماوەیەك کە لەشەش مانگ تێنەپەڕێت.

**ماددەی سییەم:**

مووچەی هەموو ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرێ کە بەسزای سیاسی سزادراون. ئەمەش پاش سەلماندنی راستی قسەکانیان.

**ماددەی سی و یەکەم:**

لەسەر وەزیری دارایی و ئابوورییە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خەرج کردنی داهاتەکانی حکومەت بەماوەیەك دیاری بکرێ کە لە پانزدە رۆژ لە رۆژی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە تێپەر نەبێ.

ماددەی سی و دووەم:

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

ماددەی سی و سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی سی و چوارەم:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە و لە ۲۰۱۰/۱/۱ وە جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**۱۹ / نیسان / ۲۰۱۰ی زایینی**

**۳۰ / نەورۆز / ۲۷۱۰ ی کوردی**

**۵/ جماد الاول / ۱٤۳۱ ی کۆچی**

# بەیان

پشت بە حوکمی ماددە/٨ ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی - وەقایعی کوردستان) و لەبەرئەوەی هەڵەیەکی ماددی لەماددەی (٣٠) سی لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٠ ڕوویداوە.

هەڵەکەش ڕستەیەکە بەم شێوەیە ( پاش سەلماندنی ڕاستی قسەکانیان) کە لە کۆتایی ماددەکەدا هاتووە.

بۆیە بەپێویست زانرا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە:

**یەکەم:** دەقە هەڵەکەی ماددەی سێیەم: ((مووچەی هەموو ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرێ کە بەسزای سیاسی سزادراون)) ئەمەش پاش سەلماندنی ڕاستی قسەکانیان.

**دووەم:** دەقە ڕاستەکەی ماددەی سێیەم بەم شێوەیەیە: ((مووچەی هەموو ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرێ کە بەسزای سیاسی سزا دراون)).

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عێراق**